2022

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

# یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

بڵاوکراوەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەتە بە چالاکیەکانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان   کانونی یەکەمی 2022ز

# یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان- مەکتەبی تەنفیزی

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

لە ساڵی رابردوو یەکێتی زانایان چەندین چالاکی جوراوجۆری لە بواری ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانی و پیشەیی ئەنجام داوە، لەرووی چالاکی و پەیوەندی و هەماهەنگیو پێشوازی شاندو سەردانو هەڵویست و فەتواو بڵاوکراوەو چاپکردنی کتێب و سازکردنی پانێل و سیمینارو دەرکردنی بەیاننامەو چارەسەری گرفتی زانایانو کاری رێکخراوەیی خزمەتی زۆری پێشکەش کردووە، لەبواری خزمەت و رەوشی دینداری و ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری کۆمەڵگەو پێکەوەژیانی ئایینی و ئاشتیانەو خزمەتی کوردستان درێغی نەکردووە.

ئەمەی بەردەست چەند لایەنێکی ئەو هەوڵ و هەنگاوە گرنگانەیە، وەک دیکۆمێنتو بەرچاوخستن و رێخۆشکردنێک بۆ کارو ئامانجی پتر دەیخەینە روو، بەتایبەت بۆ خوێنەرانو زانایانی ئایینی قەدر گران.

**راگەیاندنی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان**








سەرۆک و جێگرو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان-2022- خولی شەشەم



سەرۆك و جێگرو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی یەکێتی زانایانی ئاییینی ئیسلامی کوردستان 2022



# بەشێك لە پەیوەندیو هەماهەنگیو بەشداری کۆنگرەو کۆنفرانسو چالاکی هەمەلایەنە



ڕۆژی 3ی1ی2022 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و مامۆستا مەلا محمد ئێنەیی ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتوا، لەبارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان پێشوازیان لەبەڕێز ئیسماعیل مینە خان بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری هەولێر کرد.

ڕۆژی 18ی1ی2022 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرکی یەکێتی زانایان، بە ئامادەبوونی بەڕێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.حسن موفتی و د.عومەر مرۆو مامۆستا مەلا دلشاد گەڵاڵی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی، پێشوازیان لە بەڕێز دکتۆر (محمد عجان الحدید) ئەمێنداری گشتی ئەکادیمیای جیهانی زانایانی تەسەوف و شاندی یاوەری کرد.



ڕۆژی 19ی1ی2022 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرکی یەکێتی زانایان، بە ئامادەبوونی بەڕێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.عومەر مرۆو مامۆستا مەلا حسن خۆشناو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و مامۆستا مەلا عیماد مەلا فائز ئەندامی سەرکردایەتی پێشوازیان لە شاندێکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان کرد.

ڕۆژی 31ی1ی2022 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەبوونی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی سەرکردایەتی، پێشوازیان لە شاندێکی فراوانی مامۆستاتایانی کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکانی زانکۆی سەلاحەدین بەسەرۆکایەتی بەڕێز د. ئیدریس گرتکی راگری کۆلێژی ناوبراو کرد.



بەرواری 1ی2ی2022 بە ئامادەبوونی بەڕێزان د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و د.ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێرو ژمارەیەک لە بەرپرس و یەکە ئیدارییەکان و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرس و کارگێڕانی لقی هەولێرو ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینی، بارەگای نوێی لقی هەولێری یەکێتی زانایان کرایەوە.



لە ڕۆژی 7ی2ی2022 لە مەراسیمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان مەراسیمێکی ڕێزلێنان بۆ ژمارەیەک مامۆستای ئایینی و کارمەندانی هاوکار لەگەڵ ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان بەڕێوە چوو.

ڕۆژی 23ی2ی2022 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری بەڕێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک، لە شاری کۆیە چەند سەردانێکیان ئەنجام داو بەشداری کۆنفرانسێکی زانستییان کرد.





رۆژی 24ی2ی2022 بەرێز د. عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و مامۆستا مەلا حسن خۆشناو ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، پێشوازیان لە شاندێکی زانایانی نوسینگەی مەرجەعی ئایینی حسێن ئیسماعیل ئەلسەدر بەسەرۆکایەتی شێخ حسێن ئەلموسەوی کرد.



رۆژی 16ی3ی2022 بە ئامادەبوونی بەرێز د.عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی یەکێتی زانایان لەبارەگای سەرەکی مەکتەبی تەنفیزی وەک رێزگرتن لە گیانی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە چەند خولەکێک وەستان.



رۆژانی 18و19ی3ی2022 بەرێز د.عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەشدار لە سێیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی (منبر الأقصى) لە شاری ئیستەنبۆڵ لە وڵاتی تورکیا کرد، کە بە بەشداری دەستەو دامەزراوەی ئایینی و زانایانی 40 وڵات لەلایەن دامەزراوەی (منبر الأقصى) بەئامانجی پاڵپشتی لە دۆزی رەوای قودس و مزگەوتی ئەقسا بەرێوە چوو.

رۆژی 29ی3ی2022 بەرێز د. عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان پێشوازیان لە بەرێزان مامۆستا فەرهاد محمد سەرۆکی دەزگای گوڵان و راوێژگاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و، کاک شڤان حەمدی ئەندامی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد.




رۆژی یەکشەممە ٢ی٤ی٢٠٢٢ بەرێز ئولیفیە دیکۆتینی قونسوڵی گشتی فەرەنسا سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی کردو بە گەرمیەوە لە لایەن بەرێز د. عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانو مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆكو د.عومەر مرۆ و مامۆستا مەلا حسن خۆشناو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی پێشوازی لێ کرا.




رۆژی ١٠ی٥ی٢٠٢٢ بەرێز د.عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بەیاوەری بەڕیزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.عمر ملا حسن مرۆ ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی، سەردانی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانیان کردو لە لایەن بەرێز د.عیرفان عبدالعزیز رابەری گشتی و بەرێز د.عبدالله وەرتی وتەبێژی بزوتنەوەی ئیسلامی بە گەرمیەوە پێشوازی کران.

رۆژی چوارشەممە 11ی 5ی 2022 بەرێز د. عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و بەرێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری لە ڕیازی پایتەختی شانشینی عەرەبستانی سعودیە بەشداریان لە کۆربەندێکی جیهانی بەناونیشانی ( دیداری بنەما هاوبەشەکانی پەیرەوەنی ئایینەکان) کرد، کە لەلایەن رابیتەی جیهانی ئیسلامی بە ئامانجی لێک نزیکردنەوەی دیدگای شارستانی و بڵاوکردنەوەی بەهاکان بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بەگشتی و دروستکردنی هۆشیاری خۆشەویستی و گیانی پێکەوەیی لەنێوان نەتەوەو گەلاندا بەبەشداری سەد وڵات لە ئایین و ئاینزای جیاوازی جیهانی سازی کرد بوو.









رۆژی 12ی5ی2022 بەڕێز د.پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، لە وڵاتی عەرەبستانی سعودیە لەگەڵ بەڕێز د.محمد عبدالکریم ئەلعیساوی ئەمینداری گشتی رابیتەی جیهانی ئیسلامی کۆبوونەوە.




رۆژی 15ی5ی2022 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری بەڕێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د. عومەر مەلا حسن مرۆو مامۆستا مەلا حسن خۆشناو و مامۆستا مەلا دلشاد گەڵاڵی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان سەردانی کونسوڵگەری فەڵەستینیان لە شاری هەولێر کرد.




لە رۆژی 15ی5ی2022 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری بەڕێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د. عومەر مەلا حسن مرۆو مامۆستا مەلا حسن خۆشناو و مامۆستا مەلا دلشاد گەڵاڵی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان سەردانی کونسوڵگەری میرنشینی ئیماراتی عەرەبی لە شاری هەولێر کرد.

بەرواری 15ی5ی2022 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری بەڕێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و مامۆستا مەلا حسن خۆشناو ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی بەمەبەستی پیرۆزبایی ساڵیادی 60مین ساڵەی دامەزراندن سەردانی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانیان لە هەولێر کرد.





رۆژی 22ی5ی2022 شاندێکی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەپەرلەمانی کوردستان سەردانی بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانیان کردو لە لایەن بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و مامۆستا مەلا حسن خۆشناو مامۆستا مەلا دلشاد گەڵاڵی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی بەگەرمیەوە پێشوازی کران.




رۆژی 23ی5ی2022 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی بەڕێزان د.حسن پشدەری ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتواو د. عبداللە دەروەکۆتری بەرپرسی لقی رانیەی یەکێتی زانایان و مامۆستا سید موسی بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان، لەبارەگای مەکتەبی تەنفیزی پێشوازی لە بەڕێز حاجی تەیب زرار بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کرد.



رۆژی 24ی5ی2022 بە ئامادەبوونی بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی و مامۆستا سید موسا بەرپرسی لقی هەولێرو ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینی سنووری پارێزگای هەولێرو دەوروبەری لە هۆڵی بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، پانێڵێکی تایبەت بە ناونیشانی (شارستانیەتی یەکتاپەرستی و ئاماژەو کۆدەکانی تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز) بەڕێوە چوو.





له 25ی5ی2022 بەرێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و وەزراەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و وەزراەتی رۆشنبیری لەسەر دیاردەی زۆربوونی کوشتن و توندوتیژی ناو کۆمەڵگە لەدیوانی وەزارەتی ئەوقاف کۆبوویەوە.



رۆژی 29ی5ی2022 بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان پێشوازی لە شاندێکی کۆمەڵەی فاتیح بۆ زانایانی تورکمانی عیراق لە شاری کەرکوک بەسەرپەرشتی بەرێز شێخ موفق نەجار سەرۆکی کۆمەڵەی ناوبراو کرد.



له بەرواری 30ی5ی2022 بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری بەرێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی و ئەنجومەنی باڵای فەتواو ئامادەبوونی بەرێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بەرێز ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێرو ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی پەرلەمان و بەرپرسیانی حزبی و حکومی و مامۆتسایانی ئایینی، بەشداری لە مەراسیمی بەخشینی سوپاس و پێزانین بەو مامۆستا ئایینیە بەرێزانەی لەچەند ساڵی رابردوو بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرایان بەدەستهێناوە کرد.



ڕۆژی پێنج شەممە 2ی6ی022 ٢ بەئامادەبوونی بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و بەرێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و زیندین مولود بریکاری وەزارەت، تەیب زرار شێروانی بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی پارێزگای هەولێرو بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی دەوروبەرو بە بەژداری ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینی لەمزگەوتی نەوزاد شاکر لە شارۆچکەی دارەتوو، مەراسیمی بەخشینی مۆڵەتی زانستی بۆ سێ مامۆستای ئایینی بەرێوە چوو.

رۆژی پێنج شەممە2ی6ی2022 لەسەر راسپاردەی هەردوو بەرێزان د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکي یەکێتی زانایان، بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی هاوبەش و تایبەت بە رێکخستنەوەو گەشەپێدانی مزگەوت و وەقفەکان، لێژنەی رێکخستنی کۆنفرانس کە پێکهاتبوون لە پ.ی د. دیار جەباری راوێژکاری وەزارەت، د. حسن خالید موفتی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتوای کوردستان مامۆستا عبداللە شێرکاوەیی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و شێخ ئیبراهیم محمد تاهیر بەڕێوەبەری ئیرشاد و مامۆستا رەعد بەڕێوەبەری مزگەوتەکان، لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان کۆبوونەوە.



رۆژی 6ی6ی022 ٢ بەئامادەبوونی بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و بەڕێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و، مامۆستا فارس جەوهەر بەڕێوەبەری گشتی لە دیوانی وەزارەت و تەیب زرار شێروانی بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی پارێزگای هەولێرو بەژداری ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینی لەمزگەوتی شیخ حمدامین خەیلانی لە شاری هەولێر، مەراسیمی بەخشینی مۆڵەتی زانستی بۆ سێ مامۆستای ئایینی بەڕێوە چوو.

رۆژی 8ی6ی2022 شاندێکی باڵای ئەنجومەنی ئیسلامی جیهانی زانایانی ئایینی عیراق کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان شێخ محمد باقر ئەلبدیری سەرۆکی ئەنجومەن و شێخ بیلال ئەلعەبدەلی و شێخ عەلی جەمالی و سەید عەلی موسەوی و شیخ عەبودلموتەلیب ئەلبدیری و مامۆستا جاسم حسێن ئەندامانی ئەنجومەن، سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان کردو لە لایەن بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی پێشوازی کران.



بەرواری 11ی6ی2022 بەئامادەبوونی بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و، کاك حاجی تەیب زرار شێروانی بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی پارێزگای هەولێرو بەژداری ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینی لەمزگەوتی بەهەشت لە شاری هەولێر، مەراسیمی بەخشینی مۆڵەتی زانستی بۆ دوو مامۆستای ئایینی بەڕێوە چوو.



رۆژی 13ی6ی2022 بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی زانایانی ئایینی سنوورەکەو پیرۆزبایی کردن لە بەڕێوەبەری ئەوقافی راپەرین، بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بەیاوەری بەڕێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.عومەر مەلا حسن مرۆئەندامی مەکتەبی تەنفیزی سەردانی دەڤەری راپەرینیان کرد.

لە 19ی6ی2022 بە سەرپەرشتی بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و ئامادەبوونی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و ئەنجومەنی ناوەندی کۆبوونەوەی فراوانی سەرکردایەتی یەکێتی زانایان لەبارەگای مەکتەبی تەنفیزی لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو.



لە بەرواری 27ی6ی2022 بە ئامادەبوونی بەڕێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و شاندێکی مەکتەبی تەنفیزی و بەڕێز هەڵگۆرد شێخ نەجیب سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بەڕێز کاك عبدالواحد رواندزی بەپرسی لقی 10ی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسانی دیکەی حزبی و حکومی و ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینی و شێخانی تەریقەت و کەسایەتی و خەڵکی ناوچەکە هەردوو مزگەوتی ئەسحابە لە سنووری شارەدێی خەلیفان و مزگەوتی مەلا محمد مەلا عمر بەگ لە گوندی بەرزێوە لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کرانەوە.



رۆژی 28ی6ی2022 بە ئامادەبوونی بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایانی ئایینی و فەقێ و قوتابی ئایینی و کەسایەتی ناوچەکە، مەراسیمی بەخشینی بروانامەی زانستی لەمزگەوتی گەورەی کۆڕێ بۆ دوو فەقێ بەڕێوە چوو.



لە رۆژی 3ی7ی2022 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی بەگەرمیەوە پێشوازیان لە بەڕێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و د. دیار جەباری راوێژکاری وەزارەت کرد.

رۆژی 4ی7ی2022 شاندێکی باڵای یەکێتی زانایان بە سەرپەرشتی بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان سەردانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمیان کردو لەلایەن بەڕێز د. ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردە بەگەرمیەوە پێشوازی کران.














ڕۆژی 6ی7ی2022 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.حسن موفتی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی پێشوازیان لە بەڕێز عبدالسلام دۆلەمەری سەرۆکی لێژنەی پەروەردەو مامۆستا وەیسی مەلا سەعید ئەندامی بڕیاردەری لێژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە پەرلەمانی کوردستان لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی کرد.

ڕۆژی 7ی7ی2022 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د. عومەر مەلا حسن مرۆ



و مامۆستا مەلا حسن خۆشناو ئەندامی مەکتەبی تەنفیز یەکێتی زانایان پێشوازیان لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان کرد.

ڕۆژی 14ی7ی2022 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان لەبارەگای مەکتەبی تەنفیزی پێشوازی لە بەڕێز د. محمد عەجان ئەمینداری گشتی ئەکادیمیای جیهانی زانایانی تەسەوف و شاندێکی یاوەری کرد.

دواتر هەردوولا بە ئامانجی کاری پێکەوەیی و هەماهەنگی و خزمەتی پتری زانایان و ئـالوگۆڕی زانسـتی و مەعریفـی و بەرەو پێشـبردنی دۆخـی ئێسـتای موسـڵمانان و



سـازکردنی کۆنفرانسـتی زانسـتی و نێـودەوڵەتی و بڵاوکـردنەوەی پەیامی ئاشتی و هزری میانڕەوی و بایەخدان بە بەها ئینسانیەکان و پاراستنی کلتوری ئیسلامی و ڕێبازی گەورە زانایان و پێشهاتە فیقهیەکان و کردنەوەی خولی ئەکادیمی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و زانسـتی ئەنـدامان و سـوود وەرگـرتن لە تەجـرەبەی وڵاتی دیکەی جیهانی ئیسلامی و ناساندنی ڕووی جوانی دینداری هەرێمـی کوردستان بە دەرەوەو بەرچاوخستنی ئاستی خزمەت و زانسـتی مەلای کـورد، ڕێککەوتنـی لێکتێگەیشـتن و زانسـتی لە نێوانیـان ئیمـزا کـردو بەپێـی ئەم ڕێکەوتـنەش لەمەودوا هەردوولا هەماهەنگی و کاری هاوبەش و ستراتیژییان دەبێت.






ڕۆژی ٢٠ی ٧ی ٢٠٢٢ شاندێکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان: دکتۆر عرفان رشید و مەلا عبداللە شیرکاوەیی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و مامۆستا هاوژین ڕۆوف بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی سلێمانی و د. پشتیوان سرێشمەیی بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران بەشداریان لە یەکەمین کۆنگرەی ناوچەیی یەکێتی ئیسلامی لە شاری سنەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئێران کرد.



ڕۆژی 31ی7ی2022 بە ئامادەبوونی بەڕێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بەڕێز ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێرو مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان و چەندین بەرپرسی ئیداری و ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینی مەراسیمی بەرز ڕاگرتنی سەری ساڵی کۆچی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی پارێزگای هەولێر بەهەماهەنگی لەگەڵ لقی هەولێری یەکێتی زانایان و کۆمەڵەی قورئان خوێنان ڕێکخرا بوو بەڕێوە چوو.

ڕۆژی 2ی8ی2022 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و مامۆستا مەلا دلشاد گەڵاڵی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی پێشوازی لە شاندێکی سەنتەری کوردستان بۆ توێژینەوە لە وزە نەبینراوەکان و ئەسترۆلۆجی بەسەرپەرشتی مامۆستا ڕێبەر ڕۆستەم ڕواندزی سەرۆکی سەنتەر کرد.



ڕۆژی 14ی8ی2022 بە ئامادەبوونی بەڕێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و زێندین مەولود بریکاری وەزارەتی ئەوقاف و سەرۆک وجێگرو بڕیاردەرو ئەندامانی لێژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەپەرلەمانی کوردستان و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان و سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای فەتوا، کۆبوونەوەیەکی تایبەت بۆ زیاتردەوڵەمەند کردنی پرۆژە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بەڕێوەبردنی ئەوقاف ژمارە-(٦٤)ی ساڵی ١٩٦٦ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بەڕێوە چوو.



ڕۆژی 15ی8ی2022 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی بەڕێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.عومەر مرۆ و مامۆستا مەلا حسن قادیانی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان پێشوازیان لەشاندێکی زانایانی موسڵ بەسەرپەرشتی بەڕێز د.نشوان ئەلحیانی بەڕێوەبەری ئەوقافی پارێزگای موسل کرد.

دووشەممە ١٥ ی ئاب ٢٠٢٢ بەئامادەبوونی د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان، شێخ ئیبراهیم بەرزنجی بەڕێوەبەری توێژینەوەو ئیرشادی ئایینی وەزارەت و هەروەها ئامادەبوونی مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی و پسپۆڕان، کۆڕێک بۆ بەڕێز (د.غانم قدوری حەمەد) لەژێر ناوی (رسم المصحف) ڕێکخرا، دواتر ڕێزلێنانی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەلایەن شێخ ئیبراهیم برزنجی بەخشرایە کۆرگێرو جەخت لەپتەوتر کردنی پەیوەندیەکانی دیوانی وەقفی سوونی عێراق و یەکێتی زانایانی ئایینی و وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی کرایەوە، وێڕای ئەنجامدانی چەند چالاکی و پرۆژەیەکی هاوبەش بۆخزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەداهاتوودا.



رۆژی پێنجشەممە 18ی 8ی 2022 بەڕێز د.عومەر مرۆ ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بەنوێنەرایەتی یەکێتی زانایان بەشداری لە "دیداری یاد و ڕێزلێنان"ی هەردوو زانای ئایینی خودا لێخۆشبوو "د. مستەفا مەحموود پێنجوێنی" و "د. نیزامەدین عەبدولحەمید شێخ بزێنی" لە شاری هەولێر کرد.




رۆژی 18ی8ی2022 بەرێز د. عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری بەرێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک، لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران چەند دام و دەزگاو کەسایەتی ئایینی بەسەر کردەوەو بەشداری مەراسیمی کردنەوەی مزگەوتی سارتکەی لە سنووری ناحیەی سمیلان کرد.




رۆژی 21ی8ی2022 بەرێز د. عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەبوونی بەرێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی و لقی هەولێری یەکێتی زانایان پێشوازیان لە بەرێز ئانۆ جەوهەر وەزیری گواستنەوەو گەیاندن و مامۆستا جەمال بەرێوەبەری گشتی لە دیوانی وەزراەت و ستافی وەزارەت کرد.



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢١/٨/٢٠٢٢ بەئامادەبوونی بەڕێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئاینی و بەڕێزان د.عبدالله ملاسعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان و زیندین مەولود بریکاری وەزارەت و د.دیار جەباری راوێژکارو سەرپەرشیاری خولەکانی وەزارەتی ئەوقاف و حاجی تەیب زرار شێروانی بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی پارێزگای هەولێر و سەید سدیق کەپرانی بەڕێوەبەری ئەوقافی هەولێر ، مەراسیمی کۆتایی خولەکانی پەرەپێدانی توانای مرۆیی بۆ مامۆستایانی ئاینی بەڕێز بەڕێوەچوو.



رۆژی 31ی8ی2022 بەرێز د. عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری بەرێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان سەردانی وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کرد.



رۆژی 31ی8ی2022 بەرێز د. عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک لە شاری هەولێرو لە هۆڵی میدیا بەشداری لە مەراسیمی رێزگرتن لە 54 قوتابی ئافرەت کرد، کە تەواوی قورئانی پیرۆزیان لەبەر کردبوو.




بەرواری ٥ی٩ی٢٠٢٢ بەئامادەبوونی بەرێز د.عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی و بە بەشداری نوێنەری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و ژمارەیەک مامۆستای ئایینی و نوێنەری ئایینەکانی مەسیحی و ئێزیدی و قوتابیانی بەشی بەراوردی ئایینەکان، وۆرکشۆپێکی تایبەت بەناونیشانی (پێکەوە بەرەو ئایندەکی گەشتری پێکەوەژیانی ئایینی) کە لەلایەن رێکخراوی کایسید بەهەمانگی یەکێتی زانایان بەرێوە چوو.



رۆژی 7ی9ی2022 بەئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بەرێز د. عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و بەرێز ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێرو ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستایانی ئایینی و شێخانی تەریقەت و کەسایەتی و جەماوەری شاری هەولێر، مزگەوتی حاجی عەلی بندیان لەشاری هەولێر کرایەوە.
رۆژی 14ی9ی2022 بەرێز د. عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان، بەئامادەیی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.عومەر مرۆ و د.حسن خۆشناو و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و مامۆستا مەلا عمادالدين فائز ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان پێشوازیان لە بەرێز ئەحمەد ئیبراهیم ئەلزەواهیری کۆنسوڵی گشتی ولاتی ئیماراتی عەرەبی لە هەرێمی کوردستان کرد.





رۆژی چوارشەممە 21ی9ی2022  ڕێزدار سەرۆک مسعود بارزانی بەبۆنەی پەنجاو دووەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە هەولێر سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانی کرد،  لەلایەن د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و دکتۆر پشتیوان سادق، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و  ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بەگەرمیەوە پێشوازی لێکراو لە نزیکەوە پیرۆزبایی 52 ساڵەی دامەزراندنی لە مەکتەبی تەنفیزی کردو رۆڵی زانایانی بەرز نرخاند.

























لە رۆژی 21ی9ی2022 بە ئامادەبوونی بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی و بەرپرس و کارگێرانی لقی هەولێری یەکێتی زانایان لەبارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان مەراسیمی پێشوازی لە میوانان بەو بۆنەوە بەرێوە چوو.

لەو مەراسیمە هەر یەک لە بەڕێزان نوێنەری مەکتەبی سەرۆکی هەرێم و، بەڕێز د.پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەنوێنەرایەتی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و، جێگری سەرۆکی پەرلەمان و وەزیری گواستنەوەو گەیاندن و وەزیری تەندروستی و ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان و پارێزگاری هەولێرو نوێنەری حزب و لایەنە سیاسیەکان و پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی و بەشێکی زۆر لە بەرێوەبەرو نوێنەری دام و دەزگا حکومی و حزبیەکان و کەسایەتی و مامۆستایانی ئایینی و ریش سپی و پیاو ماقوڵانی شاری هەولێر بەشداری مەراسیمەکە بوون..

لەکۆی دانیشتنەکان بەشداربووان پیرۆزبایی 52 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایانیان ئاراستەی سەرۆک و مەکتەبی تەنفیزی و زانایانی ئایینی کردو تەئکیدیان لەو کردەوە، کە رۆڵی یەکێتی زانایان گرنگ و پر بایەخەو هەمووان بە چاوی رێزەوە لێی دەروانن.



بەرواری 22ی9ی2022 بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بەئامادەیی بەرێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د. عومەر مەلا حسن مرۆ و د. حسن خۆشناو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان پێشوازیان لە بەرێز دکتۆر فوئاد خازر ئەلمەجالی کونسوڵی گشتی شانشینی ئوردەن لەهەرێمی کوردستان کرد.



رۆژی 25ی9ی2022 بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەبوونی بەرێز ماۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی پێشوازیان لە شاندێکی مەترانەکانی عەنکاوە بەسەرپەرشتی بەرێز مەتران بەشار وەردە سەرۆکی ئەساقیفەی ئەبرەشەی کلدانی لە هەولێر کرد.

رۆژی ٢٦ی٩ی٢٠٢٢ بەرێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بەشداری لە کۆربەندی نەسیم کە تایبەت بوو بە زانستی پزیشکی ئیسلامی کرد، کە لەلایەن کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکانی زانکۆی سەلاح الدین بە هاوبەشی سەنتەری توێژینەوە زانکۆ سەلاحەدین ساز کرا بوو.



رۆژی 1ی10ی2022 بەمەبەستی لێک نزیکی و تەئکید کردنەوە لە پێکەوەژیانی ئایینی، بەرێز مامۆستا مەلا حسن خۆشناو ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان سەردانی بەرێز مەتران بەشار وەردە لە شارۆچکەی عەنکاوە کرد.

رۆژی 4ی10ی2022 بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.حسن خالد موفتی و د. عومەر مرۆو د.حسن خۆشناو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی، پێشوازیان لەبەرێز ئایدن مەعروف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان و شاندی یاوەری کرد.



رۆژی 6ی10ی2022 بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د. حسن خۆشناو و د. دلشاد گەلاڵی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان پێشوازیان لە شاندێکی پەرلەمانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەرێزان هیمدات سەباح سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان و د. مەحمود نەشئەت راوێژکار لە پەرلەمانی کوردستان کرد.





**رۆژی 9ی10ی2022 بە ئامادەبوونی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و د. پشتوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و ژمارەیەک لە وەزیرو پەرلەمانتارو ژمارەیەکی بەرچاوو لە مامۆستایانی ئایینی و شێخانی تەریقەت و کەسایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پێکاتەی تری نەتەوەیی و ئایینی فیستیڤاڵی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو.**



**رۆژی 10ی10ی2022 بە سەرپەرشتی بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی و ئەنجومەنی باڵای فەتواو ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایانی ئایینی و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و کەسایەتی ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆو ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومی و کەسایەتی کۆمەڵایەتی، دیدارێکی تایبەتی بەهەماهەنگی کۆربەندی فیقهی گەورە زانایانی عیراق و، دامەزراوەی ئەکادیمی (البلاغي) شیعە، لە سەر کەسایەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ساز کرد..**







ڕۆژی 12ی10ی2022 کونسوڵی گشتی وڵاتی فەڵەستین لە هەرێمی کوردستان بەڕێز نەزمی حزوری سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانی کردو بە گەرمیەوە لەلایەن بەڕێز د.عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانو ماموٚستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆكو د.حسن خۆشناو و د. دلشاد گەڵاڵی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی پێشوازی کرا.



لە 18ی10ی2022 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری شاندێکی لقی سۆرانی یەکێتی زانایان سەردانی دەڤەری سیدەکانی کردو چەند دەزگاو دامەزراوەیەکی بەسەرکردەوەو بەشداری مەراسیمێکی تایبەت بە یادی مەولود کرد.

رۆژی 24ی10ی2022 بە ئامادەبوونی بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و حاجی تەیب زرار بەرێوەبەری گشتی ئەوقافی پارێزگای هەولێرو کاک نەجم عبداللە بەرێوەبەری ئەوقافی دەوروبەرو ژمارەیەکی بەرچاو لە ماموٚستایانی ئایینی و کەسایەتی ئیداری و حزبی و کۆمەڵایەتی، لە مەراسیمێکی تایبەتدا مزگەوتی گوندی زەرواو لە دەڤەری زرارەتی کرایەوە.




ڕۆژی سێشەممە 25ی10ی2022 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بەشداری لە فێستیڤاڵ و کۆڕبەندێکی زانستی یادی لەدایک بوونی پێغەمبەر"دروودی خوای لەسەربێت" ، لە سەنتەری ڕۆشبیری زانکۆی سەڵاحەدین کرد، کە سەنتەری سەڵاحەدینی ئەیوبی بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکان لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان سازی کردبوو.



ڕۆژی 26ی10ی2022 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری بەڕێزان ماموٚستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.عومەر مرۆ ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان سەردانی دڤەری سلێمانیان کردو وێڕای بەسەرکردنەوەی هەردوو لقی سلێمانی یەکێتی زانایان و بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی سلێمانی ژمارەیەک ماموٚستای ئایینیان بەسەر کردەوە.

ڕۆژی 31ی10ی2022 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان، بە ئامادەیی بەڕێزان ماموٚستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی پێشوازیان لە شاندێکی ڕێکخراوی هاوکاری و هەماهەنگی تورکی (تیکا) بە سەرۆکایەتی بەڕێز کامیل کۆڵەبەش نوێنەری ڕێکخراوەکە کرد.



بەرواری ١٦ی١١ی2022 بە سەرپەرشتی بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و ئامادەبوونی ماموٚستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و ئەنجومەنی ناوەندی کۆبوونەوەی فراوانی سەرکردایەتی یەکێتی زانایان لەبارەگای مەکتەبی تەنفیزی لە شاری هەولێر بەرێوە چوو.

لە کۆبوونەوەکە کۆمەڵێک پرس و بابەتی هەنوکەیی و پیشەیی و زانستی خرایە بەر باس و بەتایبەت پرسی فەتواو پاراستنی شکۆی خێزان و بەهای کۆمەڵایەتی و رەتکردنەوەی هەموو ئەو دەنگە نەشازانەی دەیانەوێ کۆمەڵگە بشێوێنن.



ڕۆژی 28ی11ی2022 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ کۆمەڵێک سەردان و دیداری ئەنجام داو بەشداری کرد لە سیمینارێکی تایبەت بە گوتاری ئایینی لە نێوان دوێنێ و ئەمرۆ)، کە بەشی خوێندنی ئیسلامی لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان بەهەماهەنگی ناوەندی زاخۆ بۆ توێژینەوەی کوردی سازی کرد بوو.

ڕۆژی 5ی12ی2022 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی پێشوازی بەشێک لە مامۆستاو قوتابیانی دواناوەندی ئیسلامی کەسنەزان کرد.

ڕۆژی 5ی12ی2022 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی پێشوازی لە بەڕێز حسێن ئاڵچی موفتی پێشوتری سلۆپیاو برازای مەرحوم شەرەفەدین ئاڵچی کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ٨/ ١٢/ ٢٠٢٢، بەئامادەبوونی د. پشتیوان وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی و د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی و مامۆستا بارزان باران سەرۆکی بۆردی باڵای وتاری هەینی و ئەندامانی بۆردی باڵاو بۆردی پارێزگاکان دیدارێکی تایبەت بەوتاری هەینی بەڕێوە چوو.

ڕۆژی چوارشەممە٢١-١٢-٢٠٢٢بەمەبەستی تاوتوێکردنی چەند پرسێکی هاوبەشی نێوان شاندێکی لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئایینی، سەردانی بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانیان کردو بەگەرمی لە لایەن د. عبداللە سەعید وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و جێگری سەرۆک و ژمارەیەك لەئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان پێشوازیان لێکرا.


























# لەبواری دەرکردنی فەتواو ڕێکارو ڕوونکردنەوەی شەرعی



ئەنجومەنی باڵای فەتوا بەردەوام لە هەوڵی خزمەت و ڕوونکردنەوەی بابەتەکان و هەڵوێستی شەریعەتی ئیسلامی لەهەمبەر پرس و پێشهاتەکان بڵاو کردۆتەوە، **لەم ساڵەدا چەندین وێڕای سازدانی 12 کۆبوونەوەی فەرمی و 14 دانیشتنی نافەرمی**، فەتوای تایبەتی لەسەر بابەتە هەستیارەکان دەرکردووەو ڕوانگەی شەریعەت و زانایانی بۆ ڕای گشتی و موسڵمانان ڕوون کردۆتەوە، چونکە یەکێ لە کارە لەپێشەکانی یەکێتی زانایان، بایەخدانە بە پرسی فەتواو خزمەتکردنی هاوڵاتیان چ لەسەر ئاستی باڵا بێت یان لەرێی لێژنەکانی فەتوا لەسنووری سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایان، لێرەدا بەشێکی گرنگی ناونیشانی ئەو فەتوایانە دەخەینە ڕوو، کە ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2022 دەری کردوون:

| ژ | ناونیشانی فەتوا بڵاوکراوەکان | بەرواری بڵاوبوونەوە |
|---|---|---|
| 1 | حوکمی دامەزراندنی کۆمپانیای پشکداری- الشركات المساهمه- و بەشداری کردن لەو جۆرە کۆمپانیایانە | 2022/2/22 |
| 2 | خوێن - دیە - ی مردوو بە هۆی ڕوداوی هاتوچۆ کە شوفێر بە تەواوی موخالیف بێت | 2022/2/22 |
| 3 | حوکمی کڕینەوەی ئەو سەیارەو موڵکانەی کە حکومەت دەستیان بەسەردا دەگرێت | 2022/2/23 |
| 4 | نقل الاعضاء البشرية وزرعها أقسامه وأحكامه | 2022/2/23 |
| 5 | حوکمی فرۆشتن و دەرخوارددانی ئالیکی پیس وەك جیقنەی مریشك بە ئاژەڵان | 2022/2/23 |
| 6 | حوکمی ئەو پارە زیادەیەی کە دەدرێتە فەرمانبەر لەکاتی خانەنشین بوونی | 2022/2/23 |
| 7 | حوکمی گواستنەوەی ئەندامی جەستەی مرۆڤ و چاندنەوەی لە کەسێکی دیکە | 2022/2/23 |
| 8 | دیاردەی بڵاو کردنەوەی (وێنە و گرتە ڤیدۆ) لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان | 2022/3/14 |
| 9 | ئەنجومەنی باڵای فەتوا ڕێژەی زەکات و سەرفیترەو فیدیە دیاری دەکات | 2022/4/6 |
| 10 | ئەنجومەنی باڵای فەتوا حوکمی زەکات لە قورعەی هاوڵاتیان ڕوون دەکاتەوە | 2022/4/12 |
| 11 | ئەنجومەنی باڵای فەتوا حوکمی وازهێنان لە وەزیفە بەرامبەر بە بڕە پارەیەکی دیاریکراو ڕوون دەکاتەوە | 2022/4/27 |

| | | |
|---|---|---|
| 12 | ئەنجومەنی باڵای فەتوا حوكمی بەكارهێنانی مەرعای گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی روون دەكاتەوە | 2022/4/27 |
| 13 | ئەنجومەنی باڵای فەتوا گۆڕینی زەوی وەقف كراو بۆ قازانجی مزگەوت بۆ قەبرستان روون دەكاتەوە | 2022/4/27 |
| 14 | ڕونكردنەویەك سەبارەت بە قوربانیكردن لەكاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی | 2022/6/29 |
| 15 | ڕونكردنەویەك سەبارەت بە تەقاندنی تەرەقەو یاریە ئاگرینەكانە لە بۆنەكاندا | 2022/7/6 |
| 16 | ئەجومەنی باڵای فەتوا حوكمی گۆڕینی ڕەگەز روون دەكاتەوە | 2022/8/12 |
| 17 | لەبارەی زەواجی میسیارەوە ئەنجومەنی باڵای فەتوا روونكردنەوەیەک بڵاو دەكاتەوە | 2022/8/31 |
| 18 | حوكمی شوانكارەیی بۆ بەخێوكردن و لەوەڕاندنی ئاژەڵ لە سەر بەشێك لەسەر و بەروبومەكەی | 2022/9/1 |
| 19 | حوكمی بەكارهێنانی ئامێری لێزەر بۆ لابردنی موو | 2022/11/20 |
| 20 | حوكمی دانانی دیاری بەرامبەر بەكڕینی كاڵا | 2022/11/20 |
| 21 | حوكمی ئیسراف و فێڵ كردن لە ئاو و هەڵكەندنی بیری نایاسایی | 2022/11/20 |
| 22 | حوكمی كڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمۆبیل بە قیست | 2022/11/21 |
| 23 | حوكمی ئەو زەویەی خاوەنەكەوی مردبێت و میراتگری نەبێت | 2022/12/8 |

**وێرای فەتوای فەرمی ئە نجومەنی باڵای فەتوا زیاتر لە 750فەتواو وڵامی شەرعی بۆ چارەسەركردنی كێشەو گرفتە كۆمەڵایەتیەكانی خەڵك هەبووە.**

## سیمپۆزیۆمی (فەتواو لێكەوتەكانی لە نێوان پابەندبوون و پابەندنەبوون بە مەبەستەكانی شەریعەت)

رۆژی 27ی2ی2022 بە ئامادەبوونی سەرۆک و جێگرو ئەندامانی مەكتەبی تەنفیزی و سەركردایەتی یەكێتی زانایان و بەرێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئایینی و ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێرو ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان و پ.ی.د.كامەران یونس محمد ئەمین سەرۆكی زانكۆی سەلاحەدین و پ.ی.د.ادریس قادر حمد أمین راگری كۆلێژی زانستە ئیسلامیەكان و بەرێوەبەری گشتی و ژمارەیەكی بەرچاو لە زانایانی ئایینی و مامۆستایانی زانكۆ لە شاری هەولێرو لە هۆڵی سەنتەری رۆشنبیری و كۆمەڵایەتی زانكۆی سەلاحەددین سیمپۆزیۆمی هاوبەشی یەكێتی زانایان و كۆلێژی زانستە ئیسلامیەكان لەسەر پرسی فەتوا بەرێوە چوو.

شایەنی باسە ئەم سیمپۆزیۆمە لەژێر ناونیشانی (فەتواو لێكەوتەكانی لە نێوان پابەندبوون و پابەندنەبوون بە مەبەستەكانی شەریعەت) بە هاوبەشی لەلایەن یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان و سەنتەری سەلاحەددینی ئەیوبی بۆ توێژینەوەو لێكۆڵینەوە ئیسلامیەكان لە كۆلێژی زانستە ئیسلامیەكانی زانكۆی سەلاحەددین؛ رۆژانی 27و28ی2ی2022 لە هۆڵی سەنتەری رۆشنبیری و كۆمەڵایەتی زانكۆی سەلاحەددین لە شاری هەولێر بەرێوە دەچێت و چەندین توێژینەوە پێشكەش كران.




# سیمپۆزیۆمی هاوبەشی

## یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

## و سەنتەری سەلاحەدینی ئەیوبی بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکان

لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان
لە زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

### بەناونیشانی:

### «فەتوا و لێکەوتەکانی لە نێوان پابەندبوون و پابەندنەبوون بە مەبەستەکانی شەریعەت»

لە ڕۆژانـــی
یەك شەممە
و دووشەممە
27ـ 28 / 2/ 2022
لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

فەتوا لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا گرنگی و پێگەیەگی مەزن و هەستیاری هەیە؛ چونکە بریتییە لە وەڵام دانەوە لە بری خواو پێغەمبەر -درودی خوای لە سەر بێت- وە واژۆکردنە بەناوی ئەوانەوە، لێرەدا پێویستە کە کەسی موفتی زۆر هەشیارو بەئاگا بێت لەوەی کە دەیڵێت و دەینوسێت بە ناوی ئاینەوە، وە گرنگی ئەم پێگەیە ئەوەمان پێدەڵێت کەوا پێویستە کەسی موفتی خاوەنی زانست و تێگەیشتن و شارەزاییەکی زۆر قوڵ بێت، وە هەروەها کەسێکی لە خواترس و دونیا نەویست و دەروون پاك و ئاگاداربێت بە عورف و کەلتوور و ژینگەی کۆمەڵگا بۆ ئەوەی کەسێکی شیاو بێت بۆ ئەم پێگە هەستیارەو فەتواکانیش راست و دروست و کاریگەربن.

لە بەر هەستیاری فەتواو شوێنەوارە ترسناکەکانی لە سەر تاك و کۆمەڵگا لە کاتێکدا کە راست و دروست و شەرعی نەبێت پێشینە چاکەکان خۆیان دەپاراست لە فەتوادان لە کاتێکدا کە کەسانێکیتری زاناو شارەزاو دانا و شیاو بونیان هەباو هەڵسابان بەم ئەرکە ئاینیە پیرۆزە؛ لە بەر ئەوە لە زەمانی پێشوودا کێشەو دووبەرەکی بوونیان نەبوو لە فەتوادان لە سەر بابەتەکان وەك ئێستا کە هەیە و دەیبینین لە کوردستانی خۆمان و شارو وڵاتانیتری جیهانی ئیسلامی، کە کێشەی گەورە ئەوەیە کەسانێکی ناشارەزا و دوور لە سیفات و مەرجەکانی موفتی هەڵدەستن بە کاری فەتوادان، بەمەش دووبەرەکی لە نێو مزگەوت و کۆمەڵگا دروست دەکەن و سەر لە خەڵك دەشێوێنن و وەڵامی راست و دروستیان لێ وون دەکەن.

ئەمەش هەمووی کاریگەری خراپ لە سەر پێگەی فەتواو موفتی راستەقینە دروست دەکات و دەبێتە مایەی فەوزاو تێکەڵاوی لە فەتواداندا وەك ئەمانە هەمووی بوونیان هەیە و شوێنەوارە خراپەکانیشیان دەبینرێن لە نێو کۆمەڵگا موسڵمانەکان.

هەموو ئەم کێشە راستەقینانە کە بوونیان هەیە لە سەر فەتوا وای لە ئێمەکرد کە بیر بکەینەوە لە بەستنی سیمپۆزیۆمێکی ئەوها زانستی بە بەشداری پسپۆرانی شەریعەت لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان بۆ دیاریکردنی نەخۆشیەکانی و دانانی چارەسەر بۆ گرفتەکان بۆ ئەوەی بتوانین شکۆی فەتوا بپارێزین و پارێزگاریش لە کەسایەتی موفتی راستەقینە بکەین و مەرج و سیفاتەکانی دیاری بکەین بۆ ئەوەی خەڵکیش ئەو کەسانە بناسێت کە خۆیان لێدەکەن بە موفتی و بە ناوی ئاینەوە فەتوا دەدەن بە بێ ئەوەی کە شایەنی ئەو پێگە گرنگە بن، وە هەروەها فەتواش رێچکەی راست و دروستی خۆی وەربگرێت و دووربێت لە بوون بە مایەی زەحمەت و ناکۆکی و لێکترازان و تەکفیرو تەبدیع کردن لە سەر بابەتە فیقهیە فەرعییەکان، وە دینداری راستەقینە بە خەڵکی کوردستان ئاشنا بکات وەك شەریعەتی ئیسلام دەیەوێت دوور لە خەمساردی و پابەندنەبوون و توندئاژۆیی.

1

إنّ للفتوى مكانة عظيمة وأهميّة كبرى في الإسلام، حيث هي جواب عن الله تعالى ورسوله وتوقيع عنهما؛ ولذلك يجب أن يكون المفتي حذراً فيما يقوله باسم الدّين، وأن يكون بمكانة رفيعة من العلم والفهم والحكمة والأمانة والزّهد والورع والتّقوى والمعرفة بالعرف والبيئة ما تؤهّله لهذه المرتبة الكبيرة.

وقد كان السّلف الصّالح يتحرّزون عن التّصدّي للفتوى؛ لخطورتها وعظم أمرها وكبير أثرها على الفرد والمجتمع إن لم يصيبوا فيها، ويكتفون بغيرهم ممّن تعرّض أو عيّن لها من أهلها، ولهذا لم يكن هناك تفرّق وتنوّع في الفتوى كما نلمسه اليوم في إقليمنا وغيره من الأقاليم والبلدان؛ حيث يبرز للفتوى من ليس أهلاً لها ويفتي من غير أن يستفتى، وقد تجد في البلد بل في مسجد واحد أكثر من مفت، كلّ هذا ممّا له دور في إحداث الفوضى والفتن في الفتوى وعدم تنظيمها ممّا أدّى إلى عدم المعرفة بمكانتها وعدم إعطائها ما يستحقّها من التّقدير والتّبجيل.

كلّ هذا اقتضى منّا أن نعقد هذه النّدوة العلميّة لنشخّص من خلالها العلل ونضع الحلول المناسبة لها؛ لكي ترجع الفتوى إلى مكانتها اللّائقة بها، وتعرف الضّوابط والآداب الّتي يجب أن تراعى لإصدار الفتوى، وكذلك الصّفات والشّروط لتعيين المفتي ليتميّز من غيره، ويعرف كلّ وظيفته وما ينبغي أن يؤدّيه من الواجبات والأعمال، ولا يتدخّل فيما ليس له أن يقول ويعمل فيه، لكي نجعل الفتوى محكمة ومضبوطة ورسميّة من خلال الاجتهاد والاستشارة الجماعية في اللّجان المعيّنة للفتوى في إقليمنا، وتكون الفتوى عن علم وحكمة وفهم للقضايا الّتي يطلب الفتوى فيها؛ لكي تكون صحيحة ومصيبة وموافقة للشّريعة الإسلاميّة، ولا تكون سبباً لتبديع وتكفير الآخرين من المسلمين على القضايا الفرعيّة الاجتهاديّة كما تستخدم اليوم عند البعض من أهل الغلوّ والتّطرّف.

2

## کردنەوەی سیمپۆزیوم

**کاتژمێر (9) تا (9:30) ناونوسین**

(9:30 ) – ( 9 : 35) خوێندنەوەی قورئانــی پیرۆز

(9:35) – (9 : 40) وتەی بەخێر هاتن لە لایەن بەڕێز ڕاگری کولێژی زانستە ئیبسلامیەکان

(9:40 ) – (9 :45) وتەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین –هەولێر

(9:45 ) –( 9 :50) وتەی بەڕێز وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئاینی

(9:50) – (9 : 55) وتەی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی

(9:55) – (10:00) وتەی بەڕێز سەرۆکی یەکێتی زانایان ئاینی کوردستان

## ڕۆژی یەکەم: پانێلی یەکەم

**کاتژمێر: (10 – 11:30)**

سەرۆکی پانێل: پ. د. جمیل علی رسول سورچی

خوێندنەوەیەکی زانستی بابەتیانە بۆ ئەو رەخنانەی کە رووبەڕووی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە کوردستان دەبنەوە
پ. د. حسن خالد مصطفی موفتی

فەتوای خوار و خێچ و چەند کێشەیەك
پ. د. عثمان محمد غریب هەڵەبجەیی

کێ بۆی هەیە فەتوا بدات وچۆن ڕێگا بگیرێت لە فەوزای فەتوا
د. مادح مەلا محمد بەرزێوەیی

ئیجتهادی بە کۆمەڵ پێناسە و گرنگی ودروستی بەڵگەکانی
پ. د. کمال صادق یاسین لەك

دابەشکردنی بڕوانامەکان
کۆفی برێك

3

## ڕۆژی دووەم: پانێلی یەکەم

**کاتژمێر (9:30 – 10:30)**

وتەی کردنەوەی ڕۆژی دووەمی سیمپۆزیۆم
مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی

سەرۆکی پانێل : د. عمر حسن مرۆ

فەتوای شاز (شیخ ناصری ئەلبانی) بە نمونە
پ. د. عرفان رشید شریف

زانایانی کورد و ڕای بەرامبەر خوێندنەوەیەك لە سێبەری فەتواو هەڵسوکەوتەکانیاندا
پ. د. أمید نجم الدین جمیل موفتی

هێل وبنەماگشتیەکانی فەتوادان لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامدا
شیخ نیاز راغب دێگەیی

دابەشکردنی بڕوانامەکان

## ڕۆژی دووەم: پانێلی دووەم

**کاتژمێر (10:30—11:30)**

سەرۆکی پانێل : پ.ی. د. حسن محمد إبراهیم پشدەری

یەکریزی فەتوا لە هەرێمی کوردستان پێویستیەکی گرنگە
پ. د. محمد شکری زاویتی

فەتوا لە نێوان ئاسانکاری وزەحمەتکاریدا
پ. ی. د. هیمن أحمد بالیسانی

فەتوا لە کوردستان رامان و هەڵسەنگاندن
د. کۆسرەت صالح أحمد

دابەشکردنی بڕوانامەکان
خوێندنەوەی راسپاردەکان
وێنەگرتن
کۆفی برێك

4

### لێژنەی باڵا:

1- سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین –هەولێر.
2-د. عبداللە سعید وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان.
3- پ.ی.د. إدريس قادر حمدأمين ڕاگری کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان.

### لێژنەی زانستی:

| | | |
|---|---|---|
| 1. | پ. د. جمیل علی رسول. | سەرۆك |
| 2. | پ. د. حسن خالد مصطفی. | ئەندام |
| 3. | پ. د. عرفان رشید شریف. | ئەندام |
| 4. | پ.ی.د. محمد خالد مصطفی. | ئەندام |
| 5. | پ.ی.د. أردوان مصطفی إسماعیل. | ئەندام |
| 6. | پ.ی. د حسن محمد إبراهیم پشدەری. | ئەندام |
| 7. | د. أحمد محود سیدوك | ئەندام |
| 8. | د. عمر حسن مرۆ. | ئەندام |
| 9. | د. أنس محمد شریف. | ئەندام |

### لێژنەی ئامادەکاری:

| | | |
|---|---|---|
| 1. | پ. ی. د. زیاد اسماعیل حمد. | سەرۆك |
| 2. | د. سداد جمال عبدالکریم. | ئەندام |
| 3. | د. محمد نصر اللہ حبیب | ئەندام |
| 4. | م. ئومێد عبدالقادر رسول. | ئەندام |
| 5. | م. ی. سامان فارس عولا. | ئەندام |
| 6. | مامۆستا مەلا حسن حمدأمین خۆشناو. | ئەندام |
| 7. | مامۆستا مەلا دڵشاد محمود گەڵالی. | ئەندام |
| 8. | مامۆستا مەلا نجم الدین شەمساوا. | ئەندام |
| 9. | أحمد محمد صادق | ئەندام |
| 10. | کارزان محمود عزیز | ئەندام |

### لێژنەی ڕاگەیاندن:

| | | |
|---|---|---|
| 1. | مامۆستا مەلا عبداللە شێرکاوەیی. | سەرۆك |
| 2. | د. جعفر نجم الدین گوانی | ئەندام |
| 3. | م.ی. رقیب سعید شرف. | ئەندام |
| 4. | م. هۆشمند رفیق ابراهیم | ئەندام |
| 5. | صنعان عبد أحمد. | ئەندام |
| 6. | عبداللە ابراهیم اسماعیل. | ئەندام |
| 7. | طه شمس الدین أحمد. | ئەندام |

بۆ وەرگرتنەوەی بڕوانامەی بەشداربوون سەردانی ئەم لینکەی خوارەوە بکەن

http://colleges.su.edu.krd/islamicscience

5


بەرواری 30ی3ی2022 بە سەرپەرشتی بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و ئامادەبوونی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د. حسن موفتی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتواو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی کۆبوونەوەیەکی فراوان لەگەڵ بەرپرسی لێژنەی فەتوای سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایان بەمەبەستی بایەخدانی یەکێتی زانایان بە زیاتر یەکخستنەوەو رێکخستنەوەی فەتوا لە هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر بەرێوە چوو.








ڕۆژی 23ی5ی2022 شاندێکی باڵای یەکێتی زانایان بەسەرپەرشتی بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و یاوەری بەرێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د. حسن موفتی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتواو ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و ئەنجومەنی باڵای فەتوا سەردانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیان کردو بەگەرمیەوە لە لایەن بەرێز د. پشتیوان سادق وەزری ئەوقاف و کاروباری ئایین و بەرێوەبەری گشتی و راوێژکارو ستافی دیوانی وەزارەت پێشوازی کران.












**دەتوانن بۆ بینینی دەق و ناوەڕۆکی فەتواکان سەردانی ماڵپەڕی (www.zanayan.org) بەشی (فەتوا) بکەن.**


ڕۆژی 20ی6ی2022، بە ئامادەبوونی بەڕێز د.پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی، د. عبداللە ملا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و زێندین مەولود بریکاری وەزارەت، د. حەسەن موفتی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتوا، بەشداری کەسانی ئەکادیمی و بەرپرسانی وەزارەت و چەند مامۆستایەکی ئایینی، کۆبوونەویەک لە دیوانی وەزارەت بەڕێوە چوو.





ڕۆژی 1ی11ی2022 بە ئامادەبوونی بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی و مامۆستا سید موسا بەرپرسی لقی هەولێرو ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینی سنووری پارێزگای هەولێرو دەوروبەری لە هۆڵی بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، پانێڵێکی تایبەت بە ناونیشانی (ڕۆلی فەتوا لە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان و تاوتوێی یاسای توندوتیژی خێزانی و هەموارەکەی و داتاکانی دادگا) بەڕێوە چوو.

پانێڵەکە بە ئامانجی بەرچاوخستنی هەوڵەکانی فەتوا لە چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان و بایەخدان بە توێژینەوەو بابەتە گرنگ و هەنووکەیی و زانستییەکان بوو، کە بۆ هەر یەک لە بەڕێزان (پ.د. شێرزاد عزیز سلێمان مامۆستای زانکۆو د.ئاسۆ ئەمین عەلی توێژەرو پسپۆڕی مرۆناسی و کەلتور) ڕێکخرا بوو.




ئه نجومه نی باڵای فه توا:
حوكمی (گۆڕینی ڕەگەز) ڕوون دەكاتەوە
"گۆڕینی ڕەگەز لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا
بە هیچ جۆرێك ڕێگە پێدراو نییەو
حەرامە، پێچەوانەی فیترەت و ڕەوشتی
بەرزی مرۆڤایەتی و كوردەوارییە"
ڕاگەیاندنی مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایان
www.zanayan.org
2022-8-13


ئه نجومه نی باڵای فه توا:
"زەواجی میسیار لەگەڵ مەقاسیدی
هاوسەرگیری و عورفی كۆمەڵگەی كوردی
ناگونجێ و بە پەسندی نازانین"
ڕاگەیاندنی مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایان
www.zanayan.org
2022-8-31


ئه نجومه نی باڵای فه توا:
"زەواجی میسیار زیانێكی زۆر بە بونیادی كۆمەڵایەتی كوردستان
دەگەیەنێت و شیرازەی خێزان تێك دەدات، بۆیە لە ڕوانگەی
مەقاسیدی شەریعەتەوە ئامانجی هاوسەرگیری شەرعی نا پێكێت"
ڕاگەیاندنی یەكێتی زانایان
www.zanayan.org


2022 1444
پیرۆز بێت یادی مەولود
ئه نجومه نی باڵای فه توا:
خۆشحاڵی دەربڕینمان بە یادی لەدایكبوونی
پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر بێت)، كە ڕەحمەتە
بۆ گشت جیهانیان، پابەند بوونە بە فەرمانی ئایەتی:
﴿قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُوا﴾
یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان
ڕاگەیاندنی مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایان
www.zanayan.org


گوڵان
ڕێزگرتن لە گەورە زانایانی ئایینی
ڕێزگرتنە لە ڕێڕەوی ئایینپەروەران و
سیمبولە نیشتمانییەکان



### ** داخستنی یانەی شەوانەو دەستگیرکردنی باندی لەشفرۆشی پێویستەو جێگەی دەستخۆشیە





لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بە بڕیاری پارێزگای هەولێر، باندێکی گەورەی لەشفرۆشیان دەستگیر کردو چەند یانەیەکی شەوانەشی داخست، کە مەترسی گەورەیان لەسەر کۆمەڵگە هەیە لەڕووی شێواندنی شیرازەی کۆمەڵایەتی و هەڵوەشاندنەوەی سنوورو بەها ئەخلاقیەکان و تێکدانی نەریت و ڕەوشتی ڕەسەنی کوردەواری، وە لەگەڵ هیچ بەهاو پێشکەوتنێک یەک ناگرێتەوەو پێچەوانەی بنەمای یاسایی و ڕێساکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە.

لەو سۆنگەوە یەکێتی زانایان دەستخۆشی لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش دەکات و ئەم بڕیارەی حکومەت و پارێزگای هەولێر بەرز دەنرخێنێت و بەلایەوە هەڵوێست و هەنگاوێکی پێویست و دروستەو جێی پێزانینە، چونکە یەکێتی زانایان لەو ڕووەوە هەوڵی خۆی داوەو پەرۆشی نەریت و ڕەوشت و بەهای کۆمەڵگەیەو نایەوێ بەهیچ شێوەیەک تێک بچێت، بۆیە خوازیارە حکومەت لەو هەوڵ هەنگاوانە بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی هەموو ئەو شوێن و کەس و یانانەی مەترسیان بۆ کۆمەڵگەو شیرازەی کۆمەڵایەتی هەیە دابخات و ڕێکاری پێویست لەبەرامبەریان بگرێتە بەر.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
15ی1ی2022

### ** یەکێتی زانایان ئیدانەی سوکایەتی کردن بە شێخ عبدالقادری گەیلانی دەکات




دوای بڵاوبوونەوەی گرتەیەکی دەنگی لەنێو دەزگا ئیعلامیەکان، کە تێیدا دەردەکەوێت بەرێوەبەرێکی گشتی دیوانی وەقفی سوونی عیراقی لە قسەکانیدا وتەی ناشایستەو نەشیاو بەرامبەر ڕابەری تەریقەتی قادری و سیمبولی دیاری نێو کۆڕی دینداران و عالەمی ئیسلامی مەرحومی شێخ عەبولقادری گەیلانی دەکات.
ئێمە لە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان وێڕای ئیدانەکردنی ئەو هەوڵ و هەڵوێستە نەشیاوە، وای دەبینین کە دیوانی وەقفی سوونی لە بەدواداچوون و گرتنەبەری ڕێگەی یاسایی دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی و دڵنیاین بەئەرکی ئاسایی و یاسایی خۆیان هەڵدەستن، چونکە ئەم جۆرە هەنگاوانە خزمەت بەهیچ قەزیەیەک ناکات و کاردانەوەی خراپی بۆ دۆخی لێکنزیکی پێکهاتەکان و واقعی کۆمەڵگە دەبێت، لەهەمان کات دەبێتە مایەی نانەوەی پشێوی و شڵەقانی ئاشتی کۆمەڵایەتی و بریندار بوونی هەستی موسڵمانانی کوردستان و عیراق و پێچەوانەی یاساو دەستووری عیراقە.
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
4ی2ی2022

### ** یەکێتی زانایان ئیدانەی سوکایەتی کردن بە پیرۆزییەکانی ئیسلام و موسڵمانان دەکات

دوای ئەوەی لەچەند ڕۆژی ڕابردوو لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی هونەرمەندێک سوکایەتی بە پیرۆزییەکانی ئیسلام کردو کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، یەکێتی زانایان ئیدانەی ئەو سوکایەتیانە دەکات، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

لە ماوەی ڕابردوو هونەرمەندێکی پارسانی کوردستانی ڕۆژهەلات لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی سوکایەکی بەرامبەر پیرۆزییەکانی ئیسلام بڵاوکردەوەو بەهۆیەوە هەستی موسڵمانانی بریندار کرد، ئێمە لە یەکێتی زانایانەوە ئیدانەی ئەو سوکایەتیانە دەکەین و پێمان وایە ئەم جۆرە کارانە هەوڵێکە بۆ تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان و پێویستی بە داوای لێبوردن لە موسڵمانان هەیە، خەڵک بۆ خۆی ئازادە چۆن بیر دەکاتەوە، بەڵام ئازاد نیە لەوەی سوکایەتی بە ئایینی ئیسلام بکات و، ناکرێ ڕێگە بەوە بدرێت ئەو پێکەوەژیانەی هەیە لەبار بچێت و ئاشتی کۆمەڵگە بشێوێندرێت، چاوەڕوان بووین سەندیکای هونەرمەندان لەبەیاننامەکەیاندا ئیدانەی ئەو جۆرە ڕەفتارانەی کردبوایە، کە بۆتە هۆکاری بریندار بوونی هەستی موسڵمانان، لەهەمان کات ئەرکی داواکاری گشتیە ڕۆڵی خۆی ببینێت و لەو حاڵەتانە بێتە دەنگ بە ئەرکی پێویست هەڵبستێت.
هەر لەو چوارچێوەیەدا بە پێویستی دەزانین دەستخۆشی و سوپاسی هەڵوێستی بەرزی زانایانی کوردستانی ڕۆژهەلات بەتایبەت شاری پاوە بکەین، کە بە پەیامی حەکیمانەو لە پێناو دامرکاندنەوەی دۆخی بەرهەمهاتووی ئەم ڕوداوە نەخوازراوە، ڕەنج و ماندوو بوونیان کێشاو لە ئاستی پێویست هەڵویستیان وەرگرت.

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**
**11ی2ی2022**

## ** مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بە بۆنەی ساڵیادی ئیسراو میعراج پەیامێک بڵاو دەکاتەوە

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

(سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آَيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ) الإسراء:1.

بە بۆنەی هاتنەوەی ٢٧ی رەجەبی 3١٤٤کۆچی، ساڵیادی شەوڕۆیی پێغەمبەری سەروەرمان (درودو سەلامی خوای لەسەر بێت) وێڕای دڵخۆشی و ئارامبوونەوەی دەروون، پیرۆزبایی لە موسڵمانان دەکەین و خوازیارین بە رامان و وردبوونەوە لە واتاو دەرسەکانی ئەو یادە مەزنە، خەرمانێکی تازە لە پەرێزی ئیمان و پابەندی بە رێبازی ئیسلام و سوننەتی پێغەمبەر – درودی خوای لێ بێت- بێنینە کایەوە.

وەک دەزانین شەوڕۆیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) رووداوێکی کەم وێنەو موعجیزەیەکی گەورە بووە، کە پێویستی بە رامان و لێ وردبوونەوە هەیە، وێستگەیەکە بۆ رێبوارانی رێگای خواناسی بۆ گەیشتن بە ناسینی پتری پایەو مەقامی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) وانەو پەیامەکانی ئەو گەشتە ئیمانیەی سەروەرمان وێڕای ئەوەی سەلمێنەری دەستەڵاتی خوای باڵادەستە، لەهەمان کات مەدرەسەیەکی گەورەی ئامۆژگاری و پەند وەرگرتن و پەروەردەو هەڵنانی دەروونە، بەتایبەت بۆ رۆژگاری ئێستا کە هەموان لەپێناو گەشەی ئیمان و بەدەستهێنانی بەختەوەری و نزیکبوونەوە لە پاکی دەروونی و راستکردنەوەی هەڵەو پەڵەو کردارو رەفتاری نادروست، پێویستمان بە میعراجی رۆحە بۆ لای پەروەردگاری جیهان لەرێی پەیڕەوکردنی شەریعەت و سوننەتی پێشەوامان.

جارێکی تر ئەم یادە بەرزو شکۆدارە پیرۆز دەکەین و لەخوای گەورە داواکارین بیکاتە مایەی خێر بۆ موسڵمانانی کوردستان.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

27ی2ی2022

## ** یەکێتی زانایان لەسەر ئەو سوکایەتیانەی بەرامبەر هاوەڵە بەرێزەکان کراوە بەیاننامەیەک بڵاو دەکاتەوە

لەهەمبەر ئەو تۆمارە دەنگیەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاو بۆتەوە، کە تێیدا کەسێک سوکایەتی بەرامبەر هاوەڵە بەرێزەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەکات و تەشهیرو قسەی نەشیاو بەرامبەر حەزرەتی موعاویەو یاوەران و زانایانی ئیسلام دەکات، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەیاننامەیەک بڵاو دەکاتەوە، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

(فَإِنْ آَمَنُوا بِمِثْلِ مَا آَمَنْتُمْ بِهِ فَقَدِ اهْتَدَوْا وَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا هُمْ فِي شِقَاقٍ..) (سورة البقرة:137).

بەداخەوە لەم چەند رۆژەی رابردوو گوێبیستی تۆمارێکی دەنگی بووین، کە تێیدا کەسێکی دیاری نێو تەریقەتی قادری سوکایەتی و تەشهیرو قسەی نەشیاو بەرامبەر هاوەڵە بەرێزەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دەکات، وێڕای ئەوەی هەموومانی نیگەران کردووەو دڵنیاین کە خەڵک و موسڵمانانی کوردستان لەوە هۆشیارترن رەفتارو بەرنامەی نەخوازراو کاریگەریان تێ بکات، لەهەمان کات ئەم جۆرە رەفتارانە پێچەوانەی پرنسیپەکانی ئیسلام و یاسا بەرکارەکانی عیراق و هەرێمی کوردستان و نەریتی موسڵمانانیە، لەبەر ئەوەی پێگەو رێزی هاوەڵە بەرێزەکان قابیل بەتانەو قسەی نەشیاو نین و رێزگرتنیان واجبێکی شەرعی و ئیمانیە، ئێمە لە کوردستان چاوەڕێی ئەوەین هەموان پارێزگاری لەو پێکەوەژیانە بکەین، کەتایبەتمەندی و جوانی و قەدرو مێژوویکی درەوشاوەی بە کوردستان بەخشیوە، نەک کەسانێک بەناوی ئایین و بە ئەجێندای ناروون هەستی موسڵمانان بریندار بکەن و سوکایەتی بەرامبەر یاوەران دەربڕن.

ئێمە لە کاتێکدا ئیدانەی ئەم جۆرە کردەو رەفتارە نەشیاوانە دەکەین، لەهەمان کات بە پێویستی دەزانین ئەم کەسە داوای لێبوردن لە خواو خەڵک بکات، لەگەڵ ئەوەش دووپاتی دەکەینەوە ئەرکی داواکاری گشتیە لەم جۆرە سوکایەتیانە بێتە دەنگ و رێکاری پێویست بگرێتە بەرو کوردستانمان پارێزراو بێت لەم جۆرە هەنگاوە مەترسیدارانە.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

22ی شەعبانی 1443هـ

25ی3ی2022م

## ** به بۆنەی هاتنەوەی مانگی پیرۆزی رەمەزان یەکێتی زانایان پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاو دەکاتەوە



بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ
((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ)) البقرة: ١٨٣

به بۆنەی هاتنەوەی مانگی پڕ خێری رەمەزانی پیرۆز، پڕ بەدڵ پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرجەم موسڵمانان بەگشتیو خەڵکی کوردستان به تایبەتی دەکەین.

مانگی پیرۆزی رەمەزان دەرفەتێکی زێڕین و تایبەته بۆ خواپەرستی و نزاو لێبوردەیی و پاکبوونەوەو ئەنجامدانی کارو هەنگاوی خێرو چاکه، وه گەیشتن به لەززەتی ئیمانیو ترۆپکی تەواو رەوشته بەرزەکان و ئاسوودەیی دەروونی و بەرجەستەبوونی دروشمه ئایینیەکان لەناو کۆمەڵگەدا.

وا گرنگ و پێویسته هەموان بەگیانی برایانەو هەستی مرۆییەوە رێز لەو مانگه بگرین و دەستی هاوکاری و کۆمەکی و کارئاسانی و بەهاناوەچوون بۆ هەژاران درێژ بکەین و لێبوردەیی و بەخشندەیی زیاتر بایەخ پێ بدەین.

دەخوازین حکومەت و لایەنی پەیوەندار تایبەتمەندی و رێزی ئەم مانگه لەبەر چاو بگرن و چاودێری گرانبوونی کاڵاکان بکرێت و برا بازرگان و دوکاندارەکانیش رەچاوی دۆخ و گوزەرانی خەڵک بکەن، نەک به گرانکردنی کاڵاو کەل و پەل و خواردەمەنیەکان بازاڕو مانگی رەمەزان ئیستیغلال بکرێت.

گرنگه لەپێناو گەیشتن به رەزامەندی خواو پاکبوونەوە له تاوانو هەستی دینداری و تاعەتکردن، ماڵەکانمان ئاوەدان بکەین و، بەنیەت و ئیخلاسەوە له پێشوازی و خزمەتی مانگی قورئانی پیرۆز دابین و نزای خێرو سەلامەتی و لەخوای گەروە بخوازین.

جارێکی تر پیرۆزبایی لەگشت لایەك و بەتایبەتی مامۆستایانی ئایینی و نوێژخوێنان دەکەینو، ئومێدەوارین مانگی رەمەزان ببێته مایەی خێرو خۆشی بۆ تێکڕای موسڵمانان بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستات
١ی نیـــــــسانی ٢٠٢٢م
٢٩ی شەعبانی ١٤٤٣هـ

## ** یەکێتی زانایان داوایەک ئاراستەی خێرخوازان و خوا پێداوان دەکات




بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

((وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ)) المائدة:2

ساڵانه لەگەڵ هاتنەوەی مانگی پیرۆزی رەمەزان، نەریتی کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و موسڵمانان بەتایبەتی وایه، گیانی هاوکاری و خێرو بەشینەوەی کۆمەکی و خواردن و شیرینی دەکەنه سیمایەکی جوانی کۆمەڵایەتی و بەنیەتی رەزامەندی خواو بەجێگەیاندنی ئەرکی ئایینی ئەم کاره ئەنجام دەدەن.

ئێمه له یەکێتی زانایان دەستخۆشی زۆرمان بۆ سەرجەم دەزگاو کەسایەتی خێرخوازو خواپێداوان هەیه لەبەرامبەر ئەم کارو هەنگاوه خێرخوازی و ئیمانی و ئینسانیەی پێشکەشی دەکەن.

هەر لێرەشەوە به پێویستی دەزانین داوا له سەرمایەدارو خێرخوازان بکەین، به زەکات و بەخشینەکانیان خانەی نەوجەوانان و بێ سەرپەرشتان له یاد نەکەن، که کۆمەکی کردنیان زۆر خێرەو کارێکی مرۆیی گەورەیەو، لەهەمان کات بەپێی شەریعەتی ئیسلام دروسته زەکات بدرێت به نەوجەوانان و بێ سەرپەرشتان، بەو مەرجەی له خودی خۆیان خەرج بکرێت.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

5ی٤ی٢٠٢٢

## ** به بۆنەی جەژنی پیرۆزی رەمەزان یەکێتی زانایان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی موسڵمانان دەکات

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

(وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ) آل عمران: 103.




به بۆنەی هاتنەوەی جەژنی پیرۆزی رەمەزان، لەناخی دڵمانەوە پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی سەرجەم موسڵمانان و کوردستانیانی ئازیز دەکەین، لەخوای گەورە داواکارین تاعەت و رۆژوو و خواپەرستی هەموو لایەکی قەبوڵ کردبێ و ئەم جەژنە بکاتە مایەی خێرو خۆشی بۆ گەلانی جیهان و گەلی کوردمان بە تایبەتی. هەر لێرەشەوە سوپاسی تایبەتی تەواوی مامۆستایانی ئایینی دەکەین، کە لەم مانگە لەخۆبوردوانە خزمەتێکی گەورەیان پێشکەش کرد، هەروەها پێزانینی زۆرمان بۆ سەرجەم موسڵمانان و دام و دەزگا حکومیەکان بۆ رێزگرتن لە پیرۆزی ئەم مانگە، وە دەستخۆشی زۆریش بۆ خێرخوازان و دەزگا خێرییەکان، کە بە کۆمەک و یارمەتیدان خزمەتێکی زۆریان پێشکەش کرد.

جەژن وێڕایی ئەوەی دروشمێکی خۆشحاڵی خواپەرستیە لەئیسلامدا، لەهەمان کات سیمبولی ئاشتی و لێبوردەیی و ئارامی و هێمای نوێبوونەوەی مرۆڤایەتی و سەقامگیری کۆمەڵایەتیە، رێزگرتن و پاداشتە لەسەر ئەنجامدانی کارو کردەوەی خێرو خواپەرستی.

هەر لێرەشەوە بەناوی سەرجەم زانایانی ئایینی لە کوردستان داوا لەتەواوی لایەنە سیاسیەکان دەکەین، کۆتایی بە ئەم دۆخە چەقبەستووە سیاسیە بهێنن و خاڵی هاوبەش و ستراتیژی نیشتمانی بکەنە هەوێنی لێکنزیکی و دۆزینەوەی چارەسەر، چونکە هەمووان دەزانین کوردستان بە هەوەنتە نەگەیشتوتە ئەم قۆناغەو دەریایەک خوێن و قوربانی لەپێناو دراوە، ئەرکی هەموو لایەکمانە پارێزگاری لە بەها نەتەوەیی و نیشتمانیەکان بکەین، بۆیە خوازیارین هەرچی زووە لایەنە سیاسیەکان بەرژەوەندییە تایبەتی و حزبیەکان وەلاوە بنێن و ئەم جەژنە بکەنە دەرفەتی ئاشتەوایی نیشتمانی، بەدڵنیاییەوە بەهێزبوون و سەرکەوتن لە یەکگرتن و تەبایی و سەقامگیری نێو ماڵی کوردو بەرپاکردنی دادپەروەری دایە، لەو سۆنگەوە داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەین بە شێوەیەکی چڕتر کار لەسەر پرۆژەی چاکسازی بکات، کە رەنگدانەوەی زیاتری لەباشکردنی گوزاری هاوڵاتیان هەبێت، هەروەک داواش لە وڵاتانی دراوسێ دەکەین رێز لە سنورو سەروەری هەرێم بگرن و کوردستان نەکەنە گۆڕەپانی ململانێ و ساغکردنەوەی ئەجێندای سیاسی خۆیان.

جارێکی تر پیرۆزبایی خۆمان ئاراستە هەموولایەک دەکەین و خوای گەورە مانگی رەمەزانی لەهەمووان قەبوڵ کرد بێت.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
1ی5ی2022

## ** پەیامی پیرۆزبایی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بە بۆنەی هاتنەوە جەژنی قوربانی پیرۆزەوە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

(ذَلِكَ وَمَنْ يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِنْ تَقْوَى الْقُلُوبِ)

بەبۆنەی هاتنی جەژنی قوربانی پیرۆز پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی تەواوی موسڵمانانی جیهان بە گشتی‌و کوردستان بەتایبەتی دەکەین، لە ناویشیانەوە پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی مامۆستایانی ئایینی بەرێز دەکەین، هیوادارین ئەم جەژنە ببێتە مایەی خۆشبەختی‌و قبوڵبوونی تاعەت و نزاو پاڕانەوەکان‌و، ئاودانی دڵە تینووەکان‌و، هاتنەدی مانا راستەقینەکانی جەژنی قوربان لە ئازادی‌و بڵاوبوونەوەی خۆشەویستی‌و برایەتی، هەروەك پێویستە لەم رۆژە پیرۆزەدا هەموو هەوڵ‌و تواناکان یەکخەین بۆ پێکەوەکارکردن لە پێناوی وەلاونانی گرژی‌و ئاڵۆزی‌و ناخۆشییەکان‌و، پاراستنی برایەتی‌و ئاشتی‌و یەکڕیزی.

جەژنی قوربان یەکێکە لە دروشمە گەورەکانی ئیسلام و تەعبیرە لە ئەنجامدانی فەریزەی حەج و دەربڕینی خۆشی و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی تازەو نیەت خێری و ئاشتبوونەوەو برایەتی، بۆیە دەبێ هەمووان بەو پەڕی گەورەییەوە لەم دروشمە گەورەی ئیسلام بڕوانین و بیکەینە وێستگەی ئاشبوونەوەی پتری نیشتمانی و هەماهەنگی و نێو ماڵی کوردو لایەنەکان.

دووبارە جەژنی قوربان لە هەموو لایەك پیرۆز بێت‌و، خوای گەورە تاعەت‌و خواپەرستی هەموو لایەکمان قبوڵ بکات‌و، حەج‌و دوعاو پاڕانەوەی حاجیەکانیشمان قبوڵ بفەرمویت.

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

**8ی7ی2022**

## ** بە بۆنەی سەری ساڵی کۆچی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پەیامێک بڵاو دەکاتەوە

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

(وَالَّذِينَ هَاجَرُوا فِي اللَّهِ مِنْ بَعْدِ مَا ظُلِمُوا لَنُبَوِّئَنَّهُمْ فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَلَأَجْرُ الْآخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ) النحل:41.
بەبۆنەی هاتنەوەی سەری ساڵی کۆچی (1444) پیرۆزبایی گەرممان ئاراستەی سەرجەم مسوڵمانانی جیهان بە گشتی و مسوڵمانانی کوردستان بەتایبەتی دەکەین، بەو ئومێدەی ساڵی تازە وەرچەرخان و پاڵنەرێکی بەهێز بێت بۆ بەخۆداچوونەوەو خواپەرستی و پابەندی و بەرجەستەکردنی بەها باڵاکانی دینداری و مرۆڤایەتی.
کۆچ لە مێژووی موسڵمانان رووداوێکی گرنگ و گەورەو هێمای رزگاربوون لە زوڵم و قۆناغێکی نوێی دامەزراندنی دەوڵەت وشارستانیەت و دەرکردنی دەستوورو پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی بوو، بۆ یەکەمجار لە دەستوورێکی نووسراودا ئەرك و مافی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان دیاریکران، لە هەمان کاتدا بناغەی دامەزراندنی کۆمەڵگایەك بوو لەسەر بنەمای دادپەروەری و دڵسۆزی و برایەتی و راستگۆیی و هەماهەنگی.
کۆچ وەک قوتابخانەیەکی مەزنی هەڵسانەوەو ئومێدی سەرکەوتن ئەوەمان پێ دەڵێت، کە نابێ هیچ کات رەشبین و نائومێد بین، بەڵکو بە پشت بەستن بەخواو گرتنەبەری رێکارە پێویستەکان هەمیشە مەشخەڵی سەرکەوتن نزیکەو، گرنگە هەڵوەستە بکەین و واتاکانی ئیمانی و ئینسانی و ئیحسان زیاتر بەرجەستە بکەین، وە لە زەلکاوی گوناهو تاوانەوە بەرەو جیهانی پاکی و چاکی و مرۆڤدۆستی و بەهاو رەوشتە بەرزەکان بڕۆین و خەممان خەمی مرۆڤایەتی بێت و بەهەستی لێبوردەیی و دەسکەوتی خێرو بونیادی کەسێتی و دینداری و خواپەرستی هەنگاو بنێین.
لەهەمان کات داوا لە لایەنە کوردستانیەکان دەکەین بە گیانی دڵسۆزانەو بە رۆحیەتی نیشتمانی و هەستی بەرپرسیارێتی لەپێناو کیان و نەتەوەو بەرژەوەندی گشتی هەنگاوی جددی و کردەیی بهاوێژن و زیاترو باشتر خزمەتی هاوڵاتیان بکەن.
جارێکی تر ئەم یادە شکۆمەندە لەهەموو لایەک پیرۆز دەکەین خوای گەورە پشتیوانی هەمووان بێت.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
29ی7ی2022
هەولێر- کوردستان

## ** بەیاننامەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بە بۆنەی 52 ساڵەی دامەزراندنیەوە




بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان
((وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ)) آل عمران:103.
بەبۆنەی هاتنەوەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و هەڵکردنی مۆمی 52 ساڵ خزمەت و لەمەیدانی ئایینی و پیشەیی، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی گەلی کوردو تەواوی زانایانی بەڕێزی ئایینی دەکەین.
شانازیەکی گەورەیە بۆ یەکێتی زانایان کە چەتری کۆکەرەوەی زانایانەو، لە دۆخی ئێستادا خاوەنی رۆڵ و کاریگەریو پێگەی تایبەتەو، بەردەوامیشە لەخزمەتکردنی پەیامی ئیسلامو رێبازی دینداری و هەستی کوردایەتیو نیشتمانپەروەری و گەیاندنی پەیامی میانڕەوی و ئاشتەوایی و مرۆڤدۆستی و پێکەوەژیان.
یەکێتی زانایان وەك رێکخراوێکی پیشەیی لە 1970/9/21 لەهەل و مەرجێکی تایبەت و لە پێناو خزمەتی ئیسلام و دۆزی رەوای گەلەکەمان و خزمەتی زانایانی ئایینی و کۆکردنەوەیان لەدەوری یەک رێکخراودا لە شارۆچکەی گەلاڵەی باڵەکایەتی، لەژێر ئاڵای کوردستان و لەسەر راسپاردەو سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرکردەی نەتەوەیی مەلا مستەفای بارزانی دامەزراوە.
جێگەی شانازی و خۆشحاڵیە ئەم یادە دەکەینەوە، لەکاتێکدا تا ئەندازەیەکی زۆر توانیومانە بە ئەرکی خۆمان هەڵبستین و ئامانجەکانمان بێنینە دی، رۆڵی یەکەکەی زانایانی بەرێزی ئایینی بەرز دەنرخێنین و سوپاسی ئەرک و ماندووبوونیان دەکەین، کە رۆڵی گرنگیان هەبووە لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگەو بەرەو پێشبردنی یەکێتی زانایانو هۆشیاری کۆمەڵایەتیو پاڵپشتی هەڵوێستو هەنگاوە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان، بۆیە لێرەوە جەخت لە لایەنی پەیوەندیدار دەکەینەوە، کە پاڵپشتی زانایان بن لەم بەرپرسیارێتیەی شانیان داوەتە بەر لە پاراستنی ئایین و عەقیدەو سنوورو بەها ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگەی کوردی و رەوشی دینداری لەهەرێم.
لەم ساڵوگەڕەدا جارێکی تر رایدەگەنین لە پێناو ئامانجە ئایینی و پیشەیی و نیشتمانیەکان بەردەوام دەبین و لەخزمەتی زانایانی ئایینی و کۆمەڵگەی کوردی سڵ ناکەین، داکۆکیکاری ئایینی ئیسلام و رێبازی گەورە زانایان و کاری پیشەیی و مافەکانی زانایان دەبین.
دووبارە ئەم یادە لە هەموو لایەك پیرۆز دەکەین و، هیوای ئایندەیەکی باشو پڕ لە ئاشتی و برایەتی بۆ کوردو کوردستان دەخوازین، خوای گەورە پشتیوانی هەمووان بێت و بۆ کاروهەنگاوی خێر.

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**
**20ی9ی2022**




**** پەیامی یەکێتی زانایان سەبارەت بە پێشنیازە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی خێزان و ئافرەت لە هەرێمی کوردستان**

دوای گەنگەشەکردنی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان و ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان، لێکەوتەو دەنگدانەوەی خراپی لێ کەوتەوە، ئێمە لە یەکێتی زانایان لەروانگەی هەستی بەرپرسیارێتی و ئەرکی پیشەیی خۆمان چاومان بە پرۆژە یاساکە کەوتووە.

دوای خوێندنەوەو هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بۆمان دەرکەوتووە، کە ئەم پرۆژە یاسایە لەگەڵ بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام ناگونجێ و پێچەوانەی نەریت و واقعی کۆمەڵگەی کوردی و ئاشتی کۆمەڵایەتیەو ئەگەری لێکەوتەی خراپی بۆ سەر شیرازەی خێزان هەیە، لەم سۆنگەوە داواکارین لە پەرلەمانی کوردستان پرۆژەی ناواقعی و نەگونجاو بە کلتور و واقعی میللەتەکەمان نەخاتە بەرنامەی کارو هەوڵی بە یاسا کردنی نەدات، چونکە دەرکردنی یاسا بۆ خزمەت و بەرژەوەندی هاوڵاتیان و کۆمەڵگەیە نەک زیاتر کردنی ئاریشە.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

٢٣ی٩ی٢٠٢٢

**** بەیاننامەی یەکێتی زانایان بە بۆنەی ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت)**




بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

(لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آَيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ) سورة آل عمران:164

بەبۆنەی هاتنەوەی مانگی مەولوودو یادی پڕ بەهاو شکۆداری لەدایکبوونی پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر بێت)، پڕ بەدڵ پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی سەرجەم موسڵمانان بەگشتیو کوردستانیان بە تایبەتی دەکەین، هەزاران درودو سڵاویش بۆ گیانی پاکی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) دەنێرین، کە بووە مایەی رەحمەت بۆ هەموو جیهان و وەرچەرخانێکی گەورەی مێژوویی بۆ مرۆڤایەتی.


رۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) تایبەتمەندی خۆی هەیە لای گەلی کوردی موسڵمان، ئەمەش نیشانەی خۆشەویستی و وەفاداری و پابەندی و پێگەی ئەو زاتە پیشان دەدات لەناو میللەتی کورددا، بۆیەش ساڵانە لەگەڵ هاتنەوەی ئەم مانگە خەڵك بەجۆشو خرۆشەوە، بەمەراسیم و ئاهەنگو خوێندنەوەی مەولودو سەڵەوات و ئەنجامدانی خێرو بەخشینەوەی شیرینی پێشوازی ئەم یادە دەکەن.

بە تێرامان و سوود وەرگرتن لە ژیان و ئەزموونو مێژووی پڕ حیکمەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، گرنگە لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەینەوەو وەك ئەرکێکی ئیسلامی و ئینسانی هەوڵی جێبەجێ کردنی فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بدەین و، ئاکارو رەوشتە بەرزەکانی لە هەڵسوکەوتی خۆمان بەرجەستە بکەین، بە تێگەیشتنی دروست و زانستی زیاتر پەیامەکانی ئەو زاتە بۆ خەڵك شیبکەینەوەو، لێبوردەییو پەیامی میانڕەوی و بەخشندەیی ئیسلامو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) پیشانی مرۆڤایەتی و جیهان بدەین، لەهەمان کات بنەمای چاکسازی و دیالۆک و دادپەروەری و ئاشتی پێکەوەژیان و گیانی برایەتی و تەبایی زیاتر پەرە پێ بدەین.

ئومیدەوارین هەمووان ئەم یادە بکەنە چەتری دەست لەملانێی یەکتر لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و خزمەتی نەتەوەیی، جارێکی تر ئەم یادە بەرز رادەگرینو پیرۆزبایی لەسەرجەم موسڵمانان بەگشتیو زانایانی ئایینی بەتایبەتی دەکەینو، گەورە بیکاتە مایەی خێر بۆ گشت مرۆڤایەتی و بەتایبەتی کوردو کوردستان.

**مەکتەبی تەنفیزی**
**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**
**7ی10ی2022**

## ** رۆڵی یەکێتی زانایان لە گەڕاندنەوەی قوتابخانە ئیسلامیەکان لە وەزارەتی پەروەردەوە بۆ سەر میلاکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی


حکومەتی هەرێمی کوردستان- عیراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی و میلاک
هۆبەی خۆیەتی

ISO 9001 : 2015

حكومة إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة للديوان
مديرية الذاتية والميلاك
شعبه الذاتية

ژمارە: ١٩٣١٦ — العدد: /
ڕێکەوت: / /٢٧٢٢ کوردی — التأريخ: ١٥ / ٩ / ٢٠٢٢


فەرمانی وەزاری

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٧٦٧٨ لە ٢٠٢٢/٥/٢٥)
دوا بەدوای فەرمانی وەزاری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە(٢٧٠٠ لە ٢٠٢٢/٧/١٧ وە ٢٧١٣ لە ٢٠٢٢/٧/١٨)
وە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (١٣٤٢١ لە ٢٠٢٢/٦/٢٩ وە ١٣٤٢٠ لە ٢٠٢٢/٦/٦/٢٩)
بڕیارماندا بە:-

١- گواستنەوەی ڕاژەی سەرجەم فەرمانبەران و مامۆستایانی هەمیشەیی (میلاك) ناو قوتابخانە ئیسلامیەکان لەسەر میلاکی وەزارەتمان بۆ سەر میلاکی (وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی) لە ڕێکەوتی دەست لەکارهەڵگرتن و دەست بەکاربوونیان.
٢- ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانەی لەناو هەر جۆرە مۆڵەتێکدان دوای تەواوبوونی مۆڵەتەکانیان و دەست بەکاربوونیان ڕاستەوخۆ دەگوازرێنەوە بۆ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
٣- هەڵگرانی بڕوانامەی (دکتۆرا – ماستەر – دبلۆمی باڵا )کە لە وەزارەتی پەروەردە ئەم بڕوانامەیان بە دەست هێناوە خاڵی (١) ی سەرەوە نایانگرێتەوە.
٤- ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانەی دانانی کاتیان بۆ کراوە بۆ دەرەوەی قوتابخانەکانیان پێویستە لە ماوەی(١٥) رۆژ لە دەرچوونی فەرمانی وەزاری گواستنەوەی قوتابخانەکانیان دانانی کاتییەکانیان ببڕدرێت و بگوازرێنەوە بۆ سەر میلاکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
٥- خاڵەکانی(١ و ٢ و ٣)ی سەرەوە تەنها ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانە دەگرێتەوە کە پێش گواستنەوەی ئەو قوتابخانانە بۆ سەر میلاکی وەزارەتمان لە ساڵی ٢٠١٦ لەسەر میلاکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بوون.

... لەگەڵ ڕێزدا ...

MoEK-DP 2019/09/01 (01)
Ministry of Education, Kurdistan Street, Erbil, Iraq
Phone:+964(066) 2230250-2232745
هەرێمی کوردستان- هەولێر- شەقامی کوردستان – وەزارەتی پەروەردە
تەلەفون: ٢٢٣٢٧٤٥ -٢٢٣٠٢٥٠ (٠٦٦) ٩٦٤+


حکومەتی هەرێمی کوردستان- عیراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی و میلاک
هۆبەی خۆیەتی

ISO 9001 : 2015

حكومة إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة للديوان
مديرية الذاتية والميلاك
شعبه الذاتية

وێنەیەک بۆ /

- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی / بۆ کاری پێویست.. لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی وەزیر.
- نووسینگەی بریکاری وەزیر.
- نووسینگەی ڕاوێژکاران.
- ب . گ . دیوان .
- ب.گ(ف.بنەڕەتی و باخچەی ساوایان/ئامادەیی و پیشەیی / سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی/پلاندانانی پەروەردەیی) .
- گشت بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی دیوانی وەزارەت ( ).
- گشت بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکان ( ).
- گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیوانی وەزارەت ( ).
- ب.خوێندنی کوردی لە کەرکوك.
- ب.چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر.. بۆ کاری پێویست.
- ب.تەلەفزیۆنی پەروەردەیی سلێمانی.. بۆ کاری پێویست.
- ب.کۆگای ناوەندی وەزارەت.. بۆ کاری پێویست.
- ب . خۆیەتی و میلاک / لەگەڵ هاوپێچ .
- ب. بەدواداچوون وسکالا .
- خولاو .

ئالان حمەسعید صالح
وەزیری پەروەردە
١٤/٥/٢٠٢٢

ب.خۆیەتی و میلاک/پشتیوان نوری — ل. خۆیەتی/ سیڤان — ٢٠٢٢/ ٩ /١٢
MoEK-DP 2019/09/01 (01)
Ministry of Education, Kurdistan Street, Erbil, Iraq
info@moe.gov.krd
www.gov.krd
Phone:+964(066) 2230250-2232745
هەرێمی کوردستان- هەولێر- شەقامی کوردستان – وەزارەتی پەروەردە
تەلەفون: ٢٢٣٢٧٤٥ -٢٢٣٠٢٥٠ (٠٦٦) ٩٦٤+

دوا بەدوای هەوڵەکان بۆ گەڕاندنەوەی قوتابخانە ئیسلامیەکان لە وەزارەتی پەروەردە بۆ سەر میلاکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، خۆشبەختانە رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و فەرمانی وەزاری هەردوو وەزارەتی ئەوقاف و پەروەردەی پێ دەرچوو، میلاکی قوتابخانە ئیسلامیەکان ئێستا بەفەرمی گەڕاوەتەوە سەر وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، لەبارەوە بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان رایدەگەیەنێت: سوپاسی زۆرمان بۆ لێژنەکانی تایبەتمەندو هەردوو وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و وەزارەتی پەروەردەو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەیە، کە بەو پەڕی بەرپرسیارێتی و دلسۆزیەوە هەنگاوەکانی ئەم پرۆسە گرنگەیان بە ئەنجام گەیاند.

لەم پێناوەو لەماوەی رابردوو یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە هەوڵێکی زۆری داو بەردەوام لەسەر هێڵ بوو لەگەڵ وەزرەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بۆ ئەوەێ بتواندرێت ئەم هەنگاوە سەر بگرێت و لەرێی وەزارەتی ئەوقافەوە ئەم قوتابخانانە سەرپەرشتی و پاڵپشتی بکرێن، بۆ ئەوەی وەک تەواوکاری پرۆسەی ئیدارەدانی رەوشی ئایینی و پاراستنی تایبەتمەندی قوتابخانە ئیسلامیەکان و دروستکردنی کادری ئایینی و تاربێژو کەسانی شایستە بە مزگەوت و مینبەرەوە زیاتر پەرە پێ بدرێن.




پێشترو لەسەر ئەم بنەمایە رۆژی ٢٥ی٧ی٢٠١٩ بە مەبەستی گفتوگۆی چەند پرسێک و بەتایبەت خوێندنی ئیسلامی شاندێکی باڵای یەکێتی زانایان لەگەڵ وەزیری ئەوقاف و ستافی وەزارەت کۆبونەوە. هەروەها رۆژێ27ی8ی2019 شاندێکی باڵای مەکتەبی تەنفیزی بۆ هەمان مەبەست لێژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە.

بەدیاری کراوی رۆژی 6ی10ی2019 لە نوسراوێکی فەرمیدا کە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان داوای گواستنەوەی قوتابخانە ئیسلامیەکان دەکات لە وەزارەتی پەروەردەوە بۆ سەر میلاکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، لە نوسراوەکە هاتووە: کە بە پێی یاسای ژمارە 11ی ساڵی 2007 دەستەڵاتی سەرپەرشتی کردنی قوتابخانەکانی ئایینی و خوێندنی ئیسلامی داوەتە وەزارەتی ئەوقاف.

رۆژی 8ی9ی2020 بەرێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە یاوەری بەرێز د. دیار جەباری بەرێوەبەری گشتی سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانیان کردو لە

دانیشتنێکدا لەگەڵ سەرۆک و جێگرو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی بە گرنگیەوە باس لەم پرسی گواستنەوەی قوتابخانە ئیسلامیەکان کرا.

رۆژی 15ی2ی2021 بەسەرپەرشتی بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و بە ئامادەبوونی بەڕێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی زانایان کۆبوونەوەی ئاسایی بەرێوە چوو، بەشێکی کۆبوونەوە تەرخان کرابوو بۆ بابەتی خوێندنی ئایینی و ئاریشەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیەو بریاریش درا بەرێز د. حسن موفتی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتوا وەک نوێنەری یەکێتی زانایان دەستنیشان کرد لەگەڵ وەزارەت هەماهەنگ بێت بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەم هەنگاوە.

رۆژی 11ی7ی2021 شاندێکی باڵای یەکێتی زانایان لەگەڵ بەرێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بەشێک لە ستافی وەزارەت بە ئامانجی تاوتوێی چەند پرسێک کۆبوونەوەو لە نێویاندا دۆسیەی خوێندنی ئیسلامی بوو.

رۆژی 20ی12ی2021 بۆ هەمان مەبەست سەرۆکی یەکێتی زانایان و شاندێکی یاوەری لەگەڵ بەرێز د.پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و زێندین مەلود بریکاری وەزارەت کۆبونەوە.

شایەنی باسە ئەنجومەنی وەزیران بە نوسراوی ژمارە (7678) لەبەرواری 25ی5ی2022و (7678) لە (3805) لەبەرواری 18ی9ی2022دا رەزامەندی گواستنەوەی میلاکی قوتابخانە ئیسلامیەکانی دەرکردو دوای کارەکانی لێژنەی گواستنەوەی میلاکی باڵەخانەو بەراییەکان، فەرمانی وەزراەی وەزارەتی وەزارەتی پەروەردە ژمارە (22967) لە 20ی10ی2022 و فەرمانی وەزرای وەزراەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەژمارە (4409) لە بەرواری 24ی10ی2022 دەرچوو، کە تێیدا ئاماژە بە کۆنووسی دانیشتنەکان و فەرمانەکانی دیکە دەکات و خۆشبەختانە کارەکانی گواستنەوەی میلاکی قوتابخانە ئیسلامیەکان لە وەزارەتی پەروەردەوە بۆ سەر میلاکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی تەواو بووە.



حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی
بەڕێوەبەرایەتی خوێندن و حوجرەی فەقێیان

حكومة إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الأوقاف والشؤون الدينية
المديرية العامة للإدارة والمالية
مديرية التعليم وحجرة الفقهاء

ژمارە:
ڕێکەوت: / /2722ی کوردی
ڕێکەوت: / /2022ی زاینی

**فەرمانی وەزاری**

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٧٦٧٨) لە(٣٨٠٥) لە ١٨ی ٩ی ٢٠٢٢و کۆنووسی لێژنەکانی پێکهێنراوە بۆ وەرگرتنەوەی( میلاکات، بالەخانە و بەراییەکان)ی قوتابخانەکانی خوێندنی ئیسلامی، دوا بە دوای فەرمانی وەزاریمان ژمارە(٣٨٠٥) لە( ١٨/ ٢٠٢٢/٩) بڕیارماندا بە:

**١ -گواستنەوەی میلاکی قوتابخانەکانی خوێندنی ئیسلامی:**

أ-گواستنەوەی میلاکی سەرجەم مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەمیشەیی قوتابخانەکانی خوێندنی ئیسلامی لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە بۆ سەر میلاکی وەزارەتمان جگە لە هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا(دکتۆرا، ماستەر، دبلۆمی باڵا) کە لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە ئەم بڕوانامەیان بەدەست هێناوە. وە گێڕانەوەی ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانەی کە هەڵگری بڕوانامەی باڵا(دکتۆرا، ماستەر، دبلۆمی باڵا) کە پێشوتر لەسەر میلاکی وەزارەتمان بوون و بڕوانامەکانیان بەدەست هێناوە.

ب- ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانەی لە هەر جۆرە مۆڵەتێکن یان دانانی کاتیان بۆ کراوە دوای تەواوبوونی مۆڵەتەکەیان یان دانانی کاتی بە پشت بەستن بە خاڵی یەکەم دەگوازرێنەوە.

**٢ -ڕادەستکردنی بالەخانەی قوتابخانەکان:**

أ-گەڕاندنەوەی باڵەخانەی سەرجەم ئەو قوتابخانانەی کە (وەقف)ن و موڵکی وەزارەتمان.

ب-بەکارهێنانی ئەو بالەخانانەی کە ئێستا قوتابخانەی خوێندنی ئیسلامین و موڵکی وەزارەتی پەروەردەن لە لایەن وەزارەتمان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢- ٢٠٢٣.

Address: Kurdistan Region – Iraq/ Erbil
E-mail: info@moera.gov.krd

ناونیشان: هەرێمی کوردستان - عێراق/ هەولێر
پۆستی ئەلیکترۆنی: E-mail: info@moera.gov.krd



حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی
بەڕێوەبەرایەتی خوێندن و حوجرەی فەقێیان

حكومة إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الأوقاف والشؤون الدينية
المديرية العامة للإدارة والمالية
مديرية التعليم وحجرة الفقهاء

ژمارە:
ڕێکەوت: / /2722ی کوردی
ڕێکەوت: / /2022ی زاینی

**٣- بەرایی و دۆکۆمێنتەکانی قوتابخانەکان:**

گەڕاندنەوەی سەرجەم بەرایی و دۆکیومێنتەکانی خوێندنی ئیسلامی بۆ وەزارەتمان و هێشتنەوەی وێنەیەکی بەراییەکان لە وەزارەتی پەروەردە.

د.پشتیوان صادق عبداللە
وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی

وێنەیەک بۆ:
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نووسراوتان ژمارە(٧٦٧٨) لە(٢٠٢٢/٥/٢٥)/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی پەروەردە / فەرمانی وەزاریتان ژمارە(٢٢٩٦٧) لە(٢٠٢٢/١٠/٢٠) بۆ کاری پێویست
- نووسینگەی وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا
- نووسینگەی بریکاری وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا
- نووسینگەی ڕاوێژکاران/ لەگەڵ ڕێزدا
- ب.گ.دیوان/ لەگەڵ ڕێزدا
- ب. گ. ئەوقافی( هەولێر، سلێمانی، دهۆک، گەرمیان، هەڵەبجە/ ئیدارەی سۆران، ڕانیە)بۆ کاری پێویست
- ب.گ. بودجە/ میلاکات/ بۆ کاری پێویست
- گەنجینەی پاراستن

Address: Kurdistan Region – Iraq/ Erbil
E-mail: info@moera.gov.krd

ناونیشان: هەرێمی کوردستان - عێراق/ هەولێر
پۆستی ئەلیکترۆنی: E-mail: info@moera.gov.krd

## ** ئاڵای کوردستان هەر شەکاوە بێت





لە رۆژی ئاڵای کوردستان کە ئاڵای کۆماری مەهابادو گەلی کوردە، هەڵقوڵاوی زاکیرەی کەڵە شۆرشگێرانی پەروەردەی ئایین و نیشتمانپەروەرییە، هێمای یەکبوون و گەیشتنە بە سەرکەوتن و مافی چارەنووس و کوردایەتی.

